# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

ئەم بانگەوازەم بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی پانکوردستانی سەرانسەربی لە حوزایرانی 1984 دا بۆ هەموو سەرۆك حیزبەکان نارد. لە ژمارە دووی گۆڤاری هەڵوێست دا 1984 بڵاو کرایەوە. ئەو کات گەرمەی شەڕی ئێراق و ئێران بوو. هەل و مەرج بۆ کۆنگرەیەکی ئاوا هەم زۆر لە بار بوو، هەم زۆر چارەنووسساز و پێویست بوو. بەڵام وەك دەرکەوت حیزبە خێڵەکییەکانی کورد، نیو سەدە زیاتر لە دوای بیرێکی ئاوا وە بوون کە مە بەستی دانانی نەخشەی سەدەی بیست و یەکەم بوو بۆ کورد.
**********************************************

## 3. بانگەوازی کۆنگرەی گەلی کوردستان

## لە پێناوی کۆنگرەی گەلی کوردستاندا
## لە پێناوی کوردستانی سەدەی بیست و یەکەمدا

ئێستا ئێمە لە ساڵی 1984 دا دەژین و سەدەکەمان بە خێرایی بەرەو کۆتایی دەچێ.. سەدەی بیست سەدەی تەقینەوەی شارستانیتی و بازدانی مەزنە لە مەیدانەکانی زانست و تکنولۆژیادا.. سەدەی نابووت بوون و ریسوا بوونی هێزەمانی ئیمپریالیزم و فاشیزم و ناتزیزمە.. سەدەی هەڵچوون و توند ریژ بوونی خەبات و بەربەرەکانی نێوان بەرەی سۆشیالیزم و گەلانی ئازادی خواز و، بەرەی سەرمایەداری و هێزە ئەهریمەنیەکانی چەوساندنەوە و کۆنە پەرستییە.. هیچ گەلێکی ئەم دنیایە نییە لەم پێشکەوتنانەی سەدەی بیست بێبەش بوو بێ...
هیچ گەلێکی ئەم دنیایە نییە بۆی لوا بێ خۆی لە کارەسات و رووداو و ئاڵوگۆرییەکانی ئەم سەدەیە دوورە پەرێز بگرێ.. هیچ گەلێکی ئەم دنیایە نییە ئەم شازدە ساڵەی دوا تەمەنی سەدەی بیست کار نەکاتە سەر ژیانی سەدەی بیست و یەکەمی.

ئەو ڕۆڵانەی ئێمە کە ئەم ساڵ لە دایك دەبن، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا تەمەنیان شازدە ساڵ دەبێ.. کور و کچی گەنج، دڵ پڕ لە هیوای پاشە ڕۆژو خەونی بەختیاری.. بەڵێ ئێمە ڕۆڵانی سەدەی بیست، لە هەر تەمەنێکدا بین، کوڕو کچەکانمان ڕۆڵەی سەدەی بیست و یەکەم دەبن. نەوەی سەدەی بیست و یەکەم دەبن.
بەڵام داخۆ ئێمە لێرەدا، هەڵوێستەیەك دەکەین و بە قووڵی بیر لەم مەسەلەیە دەکەینەوە.
داخۆ لە خۆمان، لە ویژدانی خۆمان دەپرسین: چ ژیانێك بۆ نەوەی سەدەی بیست و یەکەممان دروست بکەین؟!
ئایا دەبێ ڕێ بدەین: کوڕو کچە گەنجەکانمان هەروا ژێر دەستی دوژمنەکانمان بن؟!
ئایا دەبێ ڕێ بدەین فاشیست و نۆکەرانی ئیمپریالیزم، یاری بە ژیان و خوێن و کەرامەت و چارەنووسیان بکەن؟!
ئایا دەبێ ڕێ بدەین بەشی ڕۆڵەکانمان هەر دەربەدەریی و ئاوارەیی و کوێرەوەریی بێ؟!
ئایا دەبێ ڕێ بدەین کوردستانە جوانەکەمان، خاکە بەهەشتەکەمان، هەروا مەیدانی تاڵان و تاوانی دڕندەکانی جەنگەڵ بێ؟!
مەیدانی خۆخۆری و براکوژی خۆمان بێ؟
ئایا گەر کچ و کوڕەکانمان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ئاوڕێك بۆ سەدەی پێش خۆیان بدەنەوە، سەدەی بیست، سەدەی زانست و ڕاپەڕین و ئازادی، بیانەوێ بزانن ئێمە چیمان بۆ ئەنجام داون: دەبێ چیان بە بیردا بێ، دەبێ چ بڵێن؟!..
ئایا دەبێ ڕێ بدەین نەفرەت و نەعلەتمان بە سەردا ببارێنن؟
یان وا بکەین ئافەرینمان لێ بکەن و شانازیمان پێوە بکەن؟!

گومانی نییە مێژوو ڕێڕەوی خۆی هەیە.. مەنتیقی خۆی هەیە.. یاسای خۆی هەیە.
بەڵام گومانیشی نیە کە مێژوو هێزی قەدەر، چارەنووس، دروستی ناکا. مرۆڤ دەتوانێ مەنتیق و یاسای مێژوو تێ بگا..
هێزی مرۆڤ، بیرکردنەوەی مرۆڤ، خواستی مرۆڤ، دەتوانێ گۆڕانی گەورە لە ڕێبازی مێژوودا ئەنجام بدا.. دەتوانێ مێژوو دروست بکا.
تەنانەت ڕێکەوتیش لەم بوارەدا دەوری گرنگی خۆی هەیە.
هەڵوێستی تاکە کەسان دەوری گرنگی خۆی هەیە.. بە تایبەتی ئەو تاکە کەسانەی کە مێژوو، لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی میللەتدا، وەك رابەرو لێپرسراوی سیاسی، یان خاوەن بیرو هەڵوێست، یان خاوەن ویژدان و هەستی مرۆڤپەروەرانە، دەسنیشانیان دەکا.
دەسا با ئاوڕێك، تەنیا ئاوڕێك، لە ڕابردوومان بدەینەوە. بە تایبەتی لە کارەساتەکانی سەدەی پێش ئەم سەدەی خۆمان، سەدەی نۆزدە.
چەند میرو میرنشینمان هەبوون، چەند سووپامان هەبوون.. چەند تیرەو عەشرەتی بە هێز و جەنگاوەرمان هەبوون، بەڵام هەرکاتێ هەل هەڵدەکەوت، بۆشایی دروست دەبوو، دوژمنان

پەکیان دەکەوت، لە توانستی گەلەکەماندا دەبوو: دەرفەت بەکار بێنێ و دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە هێزو پشت ئەستوور بە چیاکانی کوردستان و جەنگاوەرانی کورد دروست کا: ئا لەو کاتانەدا باب و باپیرانمان خەریکی رشتنی خوێنی یەکتر بوون. خەریکی بێگانە پەرستی بوون. با تەنها نموونەیەك بێنینەوە؛

لە ساڵی 1832 دا میر محەممەدی ڕەواندوز، پاشا کۆرە، خەباتێکی چەکداری سەرکەوتوی بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی ئازاد ئەنجام دا. میر محەممەد تەنها لە ماوەی دوو ساڵدا نەك هەر توانی میرنشیننەکەی کوردستانی فراوان دا بمەزرێنێ، بەڵکو ئەو میرنشیننەی کردە نمونەی دەوڵەتێکی پێشکەوتووی هاو سەردەمی ئەوسا.. دەوڵەتێك کە یاسا و دادپەروەری و ئاسایش باڵی بە سەردا کێشا بێ.. کە جەماوەری کوردستان بە دڵ و گیان پشتیوانی لێ بکا. دەبا سەیری وێنەیەکی زیندووی ئەوسای کوردستان بکەین، هەر وەك دکتۆرێکی ئینگلیزی کە لە بەغدا جێ نیشتە بووە و میوانی پاشا کورە بووە لە یادداشتەکانیدا تۆماری کردووە.

د. روس لە نیسانی 1833 دا بەغدا بەجێ دێڵێ، هەر کە دەگاتە سنووری کوردستان گۆڕانێکی سەیر هەست پێدەکا... جیاوازییەکی مەزن لە نێوان ناوچەکانی تورکی و کوردیدا، چ لە ڕووی باری دانیشتوانەوە، چ لە ڕووی ئاوەدانی و کشت و کاڵ و خۆش گوزەرانییەوە بەدی دەکا. لە ناوچە تورکییەکاندا، هەموو گوندەکان چۆڵ کراون.. خەڵکی لە دەست باج سەندن و زۆرداری حکوومەت هەڵاتبوون. ئەو تاکە کەسانەی ماشبوونەوە، هەر کە زمانیان هەڵێنا سکاڵایان لە دەست عەلی پاشای بەغدا دەکرد. هەر کە زەلامێکی سەر بە دەوڵەتیش دەردەکەوت، ڕایان دەکرد تا خۆیان بشارنەوە... لە باسی کوردستانیشدا دەڵێ: هەر کە کۆمەڵەکەیان گەیشتە ئاڵتوون کۆپری کۆمەڵانی خەڵك هەڵڕژان تا پێشوازی با یەزید بکەن.. هەموو، هەر وەك لە جەژندا بن، چەپکە گوڵیان بەدەستەوە بوو.. کە تێدەپەڕین هاواریان دەکرد و هوتافیان دەکێشا.. لە ئاڵتوون کۆپرییەوە تا هەولێر دەشت و دەر سەوز و بە گوڵ ڕازابووەوە. هەموو وڵاتەکە بە چڕی ئاوەدان و پڕ خەڵك بوو.. لە هەولێریش، پێشوازی کردنی با یەزید بەگ، لە لووتکەی رازاوەیی و جوانیدا بوو، کوردەکان بە جل و بەرگی تێر و پڕ و رازاوەیانەوە، بە هەستی دڵسۆزی و خۆشەویستیانەوە، گیانیان بە بەر ئەو دیمەنەدا کرد بوو...

دەربارەی ورەی بەرز و باوەر بە خۆ بوونی جەماوەری کورد، دکتۆر روس دەڵێ (ئەوان بە بە سووك- زانینیکی تەواوەوە سەیری حکومەتی بەغدا و لەشکرەکەی دەکەن و دەڵێن گەر ئەو شارە هیچ بە کەڵکی ئەوان هاتبایە، تورکەکان نەیان دەتوانی بەرگەی رۆژێکیان بگرن.. کە خواستیان هەولێر و کۆپری بگرن، گرتانن: هەولێر بە یەك سەعات!!.. ئەوان بۆ خواردن و کەرەسە و پێویستییەکانیان پشت بە هیچ وڵاتێك نابەستن.. خۆیان هەموو پێویستییەکی خۆیان بەرهەم دێنن.. هەرچی بیانەوێ لە وڵاتی خۆیاندا دروستی دەکەن. لە کاتێکدا چیا و شاخەکانیان بەرگرییەکی بێ ئامان دژی داگیرکەران دروست دەکەن، گردو دۆڵ و پێدەشتەکانیشیان، هەر بە هەوڵێکی کەم، بەرهەمێکی فرە، لە هەر شتێ کە حەز بە چاندنی

بکەن، بەدەستەوە دەدەن و سەرچاوەیەکی لە بنەهاتووی دار و ئاو لەوەرگا پێك دێنن.)
دەربارەی هێمن و ئاسایش لە کوردستاندا دکتۆر روس دەڵێ (دزی و جەردەیی بە دەگمەن باسی هەیە.. دەرگای هیچ ماڵێك بە شەو دا ناخرێ.)
جەیمس فرێزەریش: کە کار بەدەستێکی ئینگلیز بووە و لەو ساڵانەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کورد و کوردستان، بە سەرانسەری کوردستاندا گەڕاوە، دەربارەی ڕاپەڕینەکی پاشا کۆرە دەڵێ: ئەو گۆڕانە مەزنانەی میر محەممەد لەم ناوچەیەدا ئەنجامی داون، دەشێ کارێکی تەوا بکاتە سەر ئەم بەشەی ئاسیا.)
فرێزەر باسی دەنگدانەوەی سەرکەوتنەکانی میر محەممەد لە کوردستانی (ئێراند) دەکا.. دەردی دەخا چۆن (سۆران) ببوە جێگەی ئاوات و ڕزگاری. بە تایبەتی کە کوردەکانی بەشی ئازەربایجان و سنە و ناوچەکانی تری ژێردەستی شازادەکانی سەر بە دەوڵەتی فارس لەو پەڕی نەگبەتی و کوێرەوەری دا بوون.. هومموو شوێنێك چۆڵ و وێرانەیە.. برسێتی لەو پەڕی دایە و تەنیا نانی هەرزن و جۆ دەست دەکەوێ.. ئەویش تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکان.. کوردێکی گوندێکی ئازەربایجان ئاوا وەزعی خۆیان بۆ (فرێزەر) دەردەبڕێ:
(گەر حکومەتی ئازەربایجان بەم شێوەیەی ئێستا باجمان لێ بستێنێ، تاکە دانیشتوویەك چیە لەم خاکەدا نایهێڵێ.. سەیرکە! پێنج تا شەش هەزار تومەن لەم وێرانەیە وەردەگرێ کە بە چاوی خۆت دەیبینی و.. هەموو دێیەکە (100) خێزانی تێدا نییە.. جگە لەمەش ئێمە لەسەر چەقی ڕێین و هێندەی نیوەی ئەو پارەیەش سوورانە دەدەین.. سەرباری ئەمەش سەرباز لە تاڵان و بروی گوندەکەمان نا کەون!! هەموو ئەمانە خراونە ئەستۆی کۆمەڵە کوردێکی نەگبەتەوە کە خۆیان بەشی نانە زگیان دەست ناکەوێ.. زۆربەیان سێ ساڵ لە مەوبەر تاعون لە ناوی بردن)
تاعون.. برسێتی.. کوێرەوەری.. ژێردەستی.. چەوساندنەوەی بێگانە: ئەمە وینەی کوردی ئێرانە لە ساڵی 1834 دا لە کاتێکدا پاشا کۆرە ئەو کوردستانە ئازادەی دروست کردبوو.. پاشا کۆرە لەم حاڵە بێ خەبەر نەبوو.. بە هەموو لایەکدا راسپاردە و پەیام هەڵگری دەنارد.. بۆ کوردەکانی ئێران.. بۆ میری بۆتان.. بۆ میرانی بابان.. بەڵام لە کاتێکدا کوردەکانی ئێران کە لە ژێر دەستی ستەم و زۆرداری فارسدا بوون، ئامادە بوون بە دەنگییەوە بچن، میری بۆتان، تەنیا بە سەرزارەکی بەڵێنی هاوکاری دا.. ئەو (گەورەیی) کوردستانی بۆ خۆی دەویست.. میرانی بابانیش لە بەر حەسادەت و خۆ پەرستی و بیر تەسکی دەرەبەگایەتی و شەڕی نێو خۆیان: ژێردەستەیی ئێرانیان لە هاوکاری کردن لەگەڵ پاشا کۆرە پێ باشتر بوو.
(فرێزەر) باسی ئەوە دەکا چۆن کوردەکانی بابان بە پێچەوانەی کوردەکانی ئێرانەوە، دەیانویست ناوبانگی پاشا کۆرە خراپ کەن و لە نرخی میرنشینیەکەی کەم کەنەوە. لە باسی ناوچەی باباندا دەڵێ: تاعون زۆربەی خەڵکی ناوچەکەی لە ناو بردبوو.. هەموو سلێمانی هەزار تا هەزار و پێنج سەد خێزانی تێدا ماوە.. هەموو لایەك وێرانییە... میرانی بابان خۆیان لە ناو خێوەتدا دەژین.. شەڕی ناوخۆیی نێوانیان وای کردووە سووپای ئێران بێتە ناو

کوردستانەوە.. خاکی تاعون لێ دراوو و وێرانکراوی بابان بە سەریا سەپێندراوە لەشکرێکی گەورەی عەجەم بڕژێنێ. جگە لەوەی کە دەبێ باجێکی گەورەش بە ئێران بدا. خەڵکە کە ئەوەی کۆچ دەکا. کۆچ دەکا.. ئەوانەش کە لە کەلاوەکانیاندا ماونەوە، فرێزەر دەڵێ (نە پارە، نە دڵی ئەوەیان هەیە خانوەکانیان دروست کەنەوە). وەسفی پاشا بابانیش بەم چەشنەی خوارەوە دەکا:

(بەڵام پاشا.. هەی بەسە زمان! لەوانەی لە دەورنی لە هەموویان بێ دەسەڵاتدار تر و دەستە وەستان ترە لەوەی بتوانێ لە دەست ئەم گەرداوە دەرباز بێ.. ئەوەتا لە ناو کەلاوەی مەزنێتی کۆنیدا دانیشتووە.. سەرسام، حەپەساو، سەرلێشێواو.. نازانێ چۆن ئەو هەموو داوایانەی ئێران جێ بە جێ کا.. ناشتوانێ بەرهەڵستیان بکا، بەڕاستی حەسوودی پێ نابرێ! کەواتە سەرسام نابێ کە بزانی هیچ شانازی و لەخۆبایی بوونێکم، تەنانەت هەست بە ئارام کردنیشم تێدا بەدی نەکرد.. خەڵکەکەی داوایان لە من کرد داخۆ بەڕە یان مافورێکم پێیە تا بۆمی ڕاخەن!).

بەهێز بوونی میرنشینی سەربەخۆی سۆران ترسی خستە دڵی دوژمنانی کوردستانەوە، دوژمنانی ئازادی و ئاسایش و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.. ئێران لەشکرێکی گەورەی ساز کردبوو تا لە ئازربایجانەوە بۆ هێرش بردنە سەر ڕەواندز بکەوێتە ڕێ. هەر لەو کاتیشدا دوو لەشکری گەورەی عوسمانلی لە بەغدا و لە تورکیاوە هێرشیان هێنایە سەر ناوچە ڕزگار کراوەکانی کوردستان.. لەشکری سۆران مەردانە جەنگا... بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆمەکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە.. بەهۆی هەڵخەڵەتانی هەندێ خەڵکی سادە و نەخوێندەوار بە پڕوباگەندەی دینی عوسمانلیەکان، میر محمد زانی ناتوانێ بەرهەڵستی هێزی گەورەی دوژمن بکا و... خۆی دا بە دەست سوڵتانی ئەستامبوڵەوە.. سوڵتان بە ناوی ئیسلامەوە بەڵێنی پێ دا بیبەخشێ و بیکاتەوە میری ڕەواندوز... بەڵام وەك هەموو دەسەڵاتدارێکی ستەمکەر مردنی پێ بەخشی.!!

مێژووی گەلەکەمان پڕە لە تۆماری کارەسات و تاقیکراوەی ئاوەها.. پڕە لە تۆماری خۆێن و خەبات و (خیانەت)..... ئێمە ئەم وێنە زیندووەمان، لە مێژووی سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەری گەلەکەمان، بۆیە هەڵبژارد.. تا ڕاستییە مێژووییەکانتان بیر بخەینەوە.. تا ڕۆڵانی گەلی کوردستان لە هەلومەرجە مێژوویی و جوگرافییەکان ئاگادار کەینەوە.... تا تێفکرین و بزانین پەندە تاڵ و خوێنینەکانی دوێنێ، چ پەیامێك بۆ خەباتی ئەمڕۆمان پێشکەش دەکەین.

ئەو بیروڕا باوەی کە دەڵێ گەلی کورستان ناتوانێ یەك بگرێ، کە وای دا دەنێ ناکۆکی و خوێنی یەکتر ڕشتن دەردێکی لە مێژینەی کوردە، دروستکراوی بێگانە و دوژمنانی کوردە.. جەماوەری ڕەش و ڕووت و چەوساوەی کوردستان، ئامادەی یەکگرتن و خۆڕێکخستن و خەباتی درێژخایەن بووە بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی و ئازادی و مافە نیشتیمانییەکانی...

بەڵام بەداخەوە لەبەر نە خوێندەواری و نەبوونی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، زۆربەی جار بۆتە قوربانی سیاسەتی میر و سەرۆك عەشیرەتە دەرەبەگەکان، کە ئەوانیش لەبەر نەزانی و خۆپەرستی خۆیان، لە لایەکەوهو، کورتبینیی لێکدانەوە و تێڕوانی مێژووییان، لە لایەکی ترەوە، نەیانتوانیوە، دۆست و دوژمنی خۆیان بناسن، شوێنی خۆیان لە چوار چێوەی مێژوو و جوگرافیادا دیاری بکەن.

گەلی کوردستان لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا ئەو راستییەی سەلماندووە کە توانای ئەوەی هەیە خۆی حوکمی خۆی بکا ، کە پشت ئەستور بە چیا سەختەکانی، هێزی ئەوەی هەیە بەرهەڵستی هەر هێزێکی داگیر کەر بکا... کە دەتوانێ خۆی خۆی بژێنێ و وڵاتەکەی ئاوەدان کاتەوەو بە رەنج و ئارەقی ناوچەوانی بەرهەمی بێنێ و شارستانییەت دا بمەزرێنێ.

ناکۆکی ناو ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان هەمیشە ڕەنگدانەوەی ناکۆکی عەشیرایەتی و شەخسی نێوان میرە دەرەبەگەکان و سەرکردایەتییە عەشیرەتییەکان بووە و.. لە هیچ کاتدا ئەم ناکۆکییە، وەك دیاردەیەکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی، لە بەرژەوەندی خەڵکی ڕەنجدەری کوردستانەوە هەڵنەقوڵاوەو جەماوەری کورد نەیویستووە. بەڵام لە هەموو کاتێکدا پەنجەی دوژمن، پیلانی داگیرکەرانی کوردستان، دەورێکی گەورەو سەرەکی لە دروست کردن و پەرەپێدان و خۆشکردنی ئاگری ئەو ناکۆکییانەدا هەبووە.. هیچ کاتێك نەبووە، هیچ هێزێکی داگیر کەر بتوانێ چیا سەربەرزەکانی کوردستان داگیر کا، ئەگەر ( هێزی دەرەبەگی کورد ) خۆی نەبووبێتە داردەستی بێگانەو خوێنی کوردی بۆ داگیرکەران نەرشتبێ... هیچ کاتێکیش نەبووە کە داگیرکەران دوای ئەوەی ئامانجی خۆیان هێناوەتە دی، ئەو هێزە کوردانەیان لەناو نەبردبێ کە داردەستی خۆیان بوون و سەرۆکەکان یان زەلیل و ریسوا نەکردبن... ئەو پەندەی پێشینانی کورد کە دەڵێ: صەد ساڵ بکەی بێگانە پەرستی، دوایی هەر دێنی نوشستی... لەم تاقیکراوە تاڵانەوە هەڵقوڵاوە.....

بەڵام بە داخەوە ئەو تاقیکراوە تاڵانە تەنها بە ریسوا بوون و زەلیل بوون و لە ناوچوونی سەرەك عەشیرەتەکان تەواو نەبوون... لەگەڵ لە ناوچوونی هەر میرنشینیەکدا تەواوی سەربژاردە ( نوخبەی) پێگەیشتووی کورد تێدا چووە، یان ئاوارەو دەربەدەر بووە، خەڵکی بێ تاوانی کوردستان بە هەزاران لە ناوچوون، یان کەوتوونەتە ژێر باری قورسی چەوسانەوەو تاوانکاری و دەستدرێژیی هەمە چەشنەی هێزە درندەکانی ئیمپراتوریەتەکان و حوکمرانییە فاشیستەکانەوە... بنیاتنانی شارستانییەتمان هاتۆتەوە سەر سفر. کوردستانمان وێران کراوە. هەر نووچدان و تێشکانێکی سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکانی کورد، مێژووی خەباتی گەلەکەمانی چەندەها ساڵ بۆ دواوە گێڕاوەتەوە، هیوای ئازادی نەوەکانی نوێی گەلەکەمانی بەربا داوە....

ئێمە کە ئێستا ڕووی بانگەوازمان دەکەینە ئێوە... دەزانین مەودای مێژووی نێوان ئێستاو سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر چەند زۆرە. دەزانین کە ئەمڕۆ بەرەو کۆتایی سەدەی بیستەم دەچین. دەزانین کە ئەو بەهانەو ( مبررات) ە مێژووییانەی میرو سەرکردە عەشیرەتە کۆنەکان، بە حوکمی دواکەوتوویی شارستانی و زانستی و بیرییەوە، هەیان بووە، ئەمڕۆ نین، یان نابێ هەبن...
دەزانین کە ئەمڕۆ جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستان لە پلەیەکی باڵای هۆشیاری و تێگەیشتندان و دەتوانن ڕێبازی خۆیان دیاری بکەن.

بەڵام ئەمڕۆش وەك دوێنێ، بەڵکو زیاتریش، خەباتی گەلەکەمان، لەناو هەل و مەرجێکی مێژوویی و جوگرافی یەکجار سەخت و بەگرێ و گۆڵ دایە.
ئەمڕۆش زیاتر لە دوێنێ دوژمنانی ئازادی و ئاسایش و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەبەستیانە دەنگی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان کپ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە بەکار هێنانی هیچ ڕێبازێك، هیچ چەکێك، تەنانەت هێرشی قەڵاچۆکردنیش، سڵ ناکەنەوە...

دەزانین کە ئەمڕۆش زیاتر لە دوێنێ خەباتی گەلەکەمان، تەبیعەتی ئازادیخوازانەو ناوەڕۆکی دیموکراتی و گەلیی خۆی پاراستووە...
هەروەکوو چۆن بە درێژایی مێژوو، بە حوکمی شوێنگەی جوگرافی کوردستانەکەمان، خەباتی سەخت و خوێنینی ئێمە دژی ئیمپراتۆریەتە ستەمگەرە یەك لە دوای یەکەکان بووە، هەر لە ئیمپراتۆریەتی ئاسوورو فارس و یونان و ڕۆمان و عوسمانلی یەوە، تا ئیمپریالزمی ڕۆژاوایی سەدەی بیست، هەروەها خەباتی ئەمرۆشمان، خەباتێکی سەخت و دژوارترە.
لە لایەکەوە هێزو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی هەرە کۆنە پەرست و هەرە دواکەوتوو- و ، هەرە دڕندەو فاشیست، لە قوڵایی یە تاریکەکانی مێژوو- ە وە سەریان هێناوەتە دەرێ و لە چوارچێوەی نەخشەیەکی فراوان و باش دامەزراوی ئیمپریالیزمدا، دەیانەوێ دوا دەوری ویان لە سەر شانۆی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینن، دەیانەوێ هەروەکو چۆن لە مێشکی گەندەڵی خۆیاندا مێژوو وەستاوە یان بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، ئە ئاوا مێژووی ئەم سەردەمەی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەرەو دواوە ببنەوە...
مەترسی گەورە ئەوەندە لە چالاکی ئەو دەسەڵات و هێزە فاشیستانەدا نیە، لەوەی لەوەدایە کە کارەکانیان و تاوانەکانیان ڕێگا بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمریکا خۆش دەکا، تا پیلانەکانی خۆیان سەبارەت بە وەستاندنی پەرەسەندنی راستەو خۆی ئەو وڵاتانەو هێنانەوەی ئیمپریالیزمی نوێ، ئەنجام بدەن...

لە چوار چێوەی ئەو نەخشانەدا، گەلی کوردستان هەمیشە هێڵێکی سووری بە دەوردا کێشراوە...
چونکە چیاکانی گەلی کوردستان پێشەنگی ئازادی و دیموکراسییەت و سوشیالیزمە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕستدا.
چونکە چیاکانی کوردستان وەك هەمیشە قەڵای ئازادیخوازن و هیوای رزگاری گەلانی ئاسیان.
جونکە مەسەلەی کوردستان، دڵ و ناوەرۆکی، مەسەلەی ئازادی و مافی مرۆڤ و ڕێڕەوی دیموکراسی و سۆشیالیزمە لە خۆرهەڵاتی ناوەندا. چونکە جەماوەری خەڵکی کوردستان ئەمرۆ، لە سەرانسەری کوردستانی ژێردەست کراوو، وێران کراودا، لە هەموو کاتێك هۆشیار رتو، وریاترو، بەهێز ترە... هەروەك چۆن چیاکانی کوردستان سەر بۆ هیچ چەکێکی فاشیزم و ئیمپریالیزم، تەنانەت ئەتۆمیش، شۆڕ ناکەن، هەر واش نەوەی نوێی کوردستان، دروشمی کوردستان یان نەمان، دەکاتە بەهێزترین چەك کە چۆك بە بەهێزترین دەسەڵات دا دەدا.

خەباتی ئێمە، خەباتێکی نەتەوەیی تەسك و خۆپەرستانە نیە، خەباتی ئێمە دژی بیرکردنەوەی شۆڤێنیانەیە، کە لە فاشیزمدا خۆی دەبینێتەوە...
خەباتی ئێمە دژی ئەو سنوورانەیە کە ئیمپریالیزم بۆ لە یەککردن و دوژمنایەتی یەکتر کردن و یەکتر کوشتنی ئێمە درووستی کردوون.. بۆ ئەوە درووستی کردون تا قەت ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا، سەقامگیر نەبێ.... تا ناوچەکەمان تەنیا بازاڕی چەك و وێرانکاری بێ...
تا لە جیاتی ئەوەی بە ئاشتی و برایەتی بەیەکەوە بژین و خێرو خۆشی لە خێرو بەرەکەت و سامانی زۆری ناوچەکەمان ببینین و کشت و کاڵ و پیشەسازی بچووك و گەورە پەرە پێ بدەین و لەسەر بنچینەی شارستانێتی هەرە کۆن و لە مێژینەی ناوچەکەمان، شلوستانێتێکی نوێ دابمەزرێنین... لە جیاتی ئەمە، بە پەنا بردنە بەر تاریکترین و ڕەشترین بیری تەسکی نەتەوایەتی و بەداوەت و تایەفەگەری ئایینی... خەریکی لەناو بردنی یەکتر بین... تا ناوچەکەمان جارێکی تر، دەبێتەوە، پیاوی نەخۆش و چاوەڕێی بێگانە دەبێ، مەیتەکەی بنێژێ.
لە نێوەندی ئەم بارە نا لەبارو واقیعە تاڵەدا، خەباتی گەلی کوردستان، هێزێکی ساغ و کاریگەر درووست دەکا... خەباتی گەلی کوردستان بۆی هەیە هەموو هێزە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەمان کۆ بکاتەوە. هەر بۆیەشە، گەلەکەمان، دوو چاری هەڕەشەیەکی گەورە بووە...
ئێمە دەتوانین بەرامبەر ئەو هەڕەشەیە بوەستین، دەتوانین تەبیعەتی خەباتی گەلەکەمان بە گەلە براو هێزە ئازادیخوازو دیموکراتەکانی ناوچەی خۆرهەڵات و جیهان بناسێنین. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کارە ئەنجام دەین، دەبێ ئێمە لە پێشەوە بۆ جیهانی ڕوون بکەینەوە-

کە ئێمە خاوەنی مەسەلەیەکین.. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین خۆمان بە جیهان بناسێنین: کە دەتوانین مەسەلەی گەلی کوردستان وەك یەك مەسەلەی یەك گەل و یەك خاك بە جیهان بناسێنین. ئەو کاتە دەتوانین قەناعەت بە هەموو هێزێکی ئازادیخواز بکەین کە پشتگیری مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکەمان بکا...
ئەو کاتە دەتوانین بیسەلمێنین کە خەباتی نەتەوایەتی ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی و بە پێکهاتنی مێژوویی، خەباتێکی ئینسانی دیموکراتی و دژ بە ئیمپریالیزمە.
نەك وەك ئەوەی کە ئێمە داوای جیا بوونەوەو دابەشکردن و لەتکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکەین...
بەڵکو داوای جیابوونەوە بکەین لە پێناوی یەکێتی دا...
داوای مافی بڕیاردانی چارەنووس بکەین، لە پێناوی پتەوکردن و بەهێزکردنی هەل و مەرجی ئەبەدی پێکەوە ژیانی برایانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...
ناوچەکەمان، هەر لە سەرەتاکانی مێژوووەوە، لانکەی شارستانییەت بووە... چەندەها نەتەوەو گرۆی نەتەوەیی جیای تێدا ژیاون.. هەموویان بەیەکەوە، بە هەوڵی هەموویان یەکەمین شارستانێتەکانی جیهانیان درووست کردووە.. ئێستاش بوونی زمانی جیاواز، کەلتووری جیاواز، ئایین و نەریت و عاداتی جیاواز، نیشانەی دەوڵەمەندی کەلتوورو شارستانێتی بەردەوامی ناوچەکەمانە، نەك بە پێچەوانەوە نیشانەی بەهێزییە نەك بێ هێزیی.
ئێمە دەزانین تاقە ڕێگایەك بۆ زامنکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا، تاقە ڕێگایەك بۆ زامنکردنی پێشکەوتنی کشت و کاڵی و پیشەسازیی و شارستانی ناوچەکەمان، هاوکاری و یەکگرتنی تێکڕای گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، تا ڕاددەی نەمانی سنووری سیاسی و ئازادی هات و چۆو، یەکێتی نەخشەی پەرەسەندنی ئابووری و کەڵچەری .... هتد.

بەڵام ئەمە تەنها ئەو ساتە دەبێ کە مرۆڤی ناوچەکە ڕێزی بگیرێ.. کە مافی مرۆڤ زامن بکرێ- کە لە جیاتی نەخشەو پلانی کردن بە سەربازو بە کوشت دانی گەنجەکان، نەخشەی بەکارهێنان و پەرەپێدانی بەهرەو لێهاتوویی و توانستی زانستی یان دابنرێ... نەخشەی زامن کردنی پەروەردەو کارو دوا ڕۆژێکی بەختەوەر بۆیان. ئەمەش نابێ تا گەلانی ناوچەکە یەکتر نەناسن، هەتاوەکو برا ڕێزی مافی یەکتر نەگرن و دان بە بڕیاردانی مافی چارەنووسی یەکتردا نەهێنن... تا خۆیان لەو داوی ناکۆکییانە ڕزگار نەکەن کە ئیمپریالیزمی جیهانی بۆی ناونەوە. خەباتی گەلی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەوری سەرەکی هەیە لە پێشخستنی بزوتنەوەی دیموکراتی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.. بۆیە ئیمپریالیزمی جیهان خور لە پاڵپشتیکردن و نەخشە بۆ کێشانی هێزەکانی فاشیزم لە ناوچەکەدا بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوەی گەلەکەمان، درێغی نەکردووەو ناکا..
بۆیە هوشیاریی، وریایی، تەبایی و یەکێتی ریزمان پێویستە.

ئایا، شەڕی عێراق و ئێران بەرەو کوێ دەچێ؟
ئایا، گەر پەرەبستێنێ، چۆن پەرەدەستێنێ و دەوروشوێنمان چییە؟ ئایا گەر بوەستێ، چۆن دەوەستێ و ، ئەنجامەکانی بەنسبەت ئێمەوە چ دەبن؟
ئەی خەباتگێڕانی کوردستان؟ ئەی هەموو پارت و دەستەو کۆمەڵە سیاسی و جەماوەرییەکان؟ ئەی ڕۆڵە روناکبیرو هۆشمەندو خاوەن ویژدانەکانی گەلەکەمان؟!
ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە لە ئاستی رووداوەکاندا بن
ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە لە ئاستی ئەو ئەرك و پەیامەدا بن کە مێژوو خستوویەتیە ئەستۆتان؟
ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە بۆ هەموو جیهانی ڕوون بکەینەوە کە مەسەلەی کوردستان یەك مەسەلەی یەك نەتەوەیە لە یەك خاکی داگیر کراوو دابەشکراودا؟
ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە بۆ دۆست و دوژمنی دیاری بکەین کە ئێمە بڕیاردانی مافی چارەنووسی خۆمان و دۆستایەتی و هاوکاری هەموو گەلانمان دەوێ؟
ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە، ڕێکخراوو پارتە سیاسییە کوردستانییەکان پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆیان هەرچییەك بێ، بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی فراوان و دیاری کردنی پرۆگرامێکی نەتەوەیی فراوان، کۆببنەوەو پێك بێن...
ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە، کە بۆ جیهانی بسەلمێنین، ئێمە، دەنگی یەك نەتەوەین.. خەباتی یەك نەتەوەین.. بۆیە ئێمە، بە ناوی مێژووی دێرینی خوێن و خەباتی گەلەکەمانەوە، بە ناوی هەزاران شەهیدی ڕێگای ئازادی کوردستانەوە، بە ناوی ڕۆڵەکانی سەدەی بیست و یەکەممانەوە، داواتان لێ دەکەین، ئامادەیی یەکسەری خۆتان بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەیەکی فراوانی گەلی کوردستاندا دەربڕن....

1- ئەم کۆنگرەیە بۆ ئەو مەبەستە نیە بریاردا چ پارتێك پێشرەوی کوردە، کێ سەرکردایەتی دەکا، کامە بەهێزە.. بچووکە.. راستە.. هتد. ئاشکرایە ئەمانە گەل و مێژوو بڕیاریان دەدا، نەك کۆنگرەو گفت و گۆ... بەڵکو بۆ ئەو مەبەستەیە، هەموو پارت و ڕێکخراوو کەمێتی یە سیاسی و ڕوناکبیرییەکان، لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا، بۆ بڕیاردانی ستراتیژییەتێکی گشتی- نەتەوەیی- گەلی کوردستان و خەباتی قۆناغی ئەمڕۆمان کۆبنەوە.

2- ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لە سەر هەموو لایەن و هەڵوێستێك ڕێك بکەون.. بەڵکو وەك (جیاوازی لە ناو چوارچێوەی یەکێتی دا) واتە هەر حیزب و ڕێکخراوە بۆی هەیە ستراتیژ و بۆ چون و ئامانجەکانی خۆی بپارێزێ و هەر لەوکاتەدا. لە چوارچیوەیەکی فراوانتری کوردستانیەتی خەباتی گەلەکەماندا بیان خاتە ڕوو... ئەم کۆنگرە بۆ (توانەوە)ی حیزبەکان لە یەك ڕێکخراودا نییە... بەڵکو بۆ دروست کردنی چەترێکی کوردستانی فراوانە، بۆ دەرخستنی یەکێتی مەسەلەی نەتەوەکەمانە.

3- ئەم کۆنگرەیە وەك بانگەوازێکی جیابوونەوە و دژایەتیکردنی گەلانی برای ناوچەکەمان- عەردب و فارس و تورك- نییە- بەڵکو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی لایەنی مێژوویی و جوگرافی و کەلتووری مەسەلەکەمانە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی ئەو گەلانەی برا باشتر چوار چێوەی قەوارەی نەتەوەیی مەسەلەکەمان تێ بگەن و ئاگادای ئەو ڕاستییە بن کە نەخشەی ئیمپریالیزم و دوژمنانی هەموو گەلانی ناوچەکەمانە، ئەو بنکانەی دوژمنایەتتیان لە ناوچەکەمان دروست کردووە- کە دانان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی یەکتر ڕێگای یەکێتی و پێشکەوتنە، نەك جیاوازی و خوێن ڕشتن.

4- ئەم کۆنگرەیە گەر کەمترین شتیش کە بتوانێ لەسەری ڕێك بکەوێ ئەوە بێ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دەربکا کە تێیدا مەسەلەی کورد و ئاواتەکانی گەلی کوردستان (وەك بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆگرامی هەر حیزبێکی کورستاندا هەیە) ڕوون بکاتەوە ئەوە هێشتا گرنگییەکی زۆری لە ڕووی سیاسی و ئیعلامیەو دەبێ و مەسەلەی گەلەکەمان لەبەر دەم ڕای گشتی دیموکراتی دنیادا بەرەو پێشەوە دەبا.

5- ئەو جەنگە ناڕەوایەی بەهۆی پیلانی ئیمپریالیزمەوە هەر لە دوای جەنگی جهیانی یەکەمەوە تا ئێستا بەسەر گەلی کوردستاندا سەپێنراوە، زۆر کارەسات و کوێرەوەری بۆ ڕۆڵانی نەتەوەکەمان درووست کردوە، کە لەسەرمان پێویستە هەڵوێستێکی نەتەوەیی گشتیان بەرامبەر وەربگرین.

(آ) لە ڕووی ئابووریەوە: بەکارهێنانی سیاسەتی دواخستنی ئابوری بەرامبەر کوردستان و هەر ناوچەیەکی کوردنشین و لە ئەنجامدا گۆڕینی کوردستان بە (کۆڵۆنییەکی) چینی فەرمان ڕەوای وڵاتە داگیرکراوەکان و ئیمپریالیزمی جیهانی.. ئەمەش بۆتە هۆی بڵاو بوونەوەی هەژاری و نەزانین و نەخۆشی لە سەرانسەری کوردستاندا.
گەرچی جیاوازی لە (پلەی) دواکەوتن و پێشکەوتن لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا هەیە، بەڵام (کۆلنیالکردن) بە شێوەیەکی گشتی بنچینەی سیاسەتی هەموو حکومەتە داگیرکەرەکانە.

(ب) لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە: داگیرکەرانی کورسستان هەر بە کۆلۆنیالکردنی کوردستانەوە نەوەستاون، بەڵکو تواندنەوەی گەلی کورد و سەرکوت کردنی هیوا و خواستە ئینسانییەکانی بەشێکی سەرەکی سیاسەتەکەیانە، بۆیە هەمیشە کوشتن و بڕین و سوتاندن و وێران کردن و گرتن و لە سێدارەدان و ئاوارە و دەربەدەر کردن، پراکتیسی هەمیشەیی ڕژێمە فاشیستەکانە.. ئێمە پێویستمان بەوەیە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردستانیمان هەبێ کە لە سەرووی دابەش دابەشی و لێکدابڕانی پارت و حیزبەکانەوە بێ، تا چارەسەری ئەم لایەنە ئینسانییەی گەلەکەمان بکا و وەك یەك دەنگی کوردستانی بیخاتە بەردەم ڕای گشتی جیهان و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەوڵدان بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوی مانگی سووری کوردستانی و بەدەست هێنانی یارمەتی هەموو مرۆڤپەروەرانی دنیا.

(ج) لە ڕووی کەلتوورییەوە: ئاشکرایە تواندنەوەی گەلی کورد لە پێش هەموو شتێکدا بە تواندنەوەی کەلتووری تایبەتی و زمان و ئەدەبیاتەکەی دەبێ.. پێویستمان بەوەیە نەخشە و ستراتیژیەتێکی هاوبەشمان هەبێ بۆ پاراستنی زمان و کەلتوور و ئەدەبیاتی گەلی کورستان و وریا کردنەوە و ئاگادار کردنەوەی ڕۆڵانی گەلەکەمان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دونیا و ڕای گشتی جیهان و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و یۆنیسکۆ و هەموو دەزگا ڕوناکبیرییە نێونەتەوەییەکان دەربارەی ئەو تاوانەی داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر کەلتووری کوردستان کە بەشێکی گرنگە لە شارستانێتی مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدەن.

(د) لە ڕووی سیاسییەوە: دوو بەرەکی نانەوە و کورد بە کورد بە کوشت دان سیاسەتێکی کۆنی داگیرکەرانی کورستان و ئیمپیریالیزمی نوێیە. پێویستمان بەوە هەیە ڕێکخراو ە حیزبە کوردستانییەکان چوار چێوەیەکی نەتەوەیی فراوانیان هەبێ تا لەگەڵ یەکتردا لە هەر زروفێکی سەخت و ناخۆشدا بێ، بکەونە ڕاوێژ و گفت و گۆ و هەوڵ بدەن ستراتیژیەتی سیاسیان یەك بخەن و (مرونەتێکی) واقعی و شۆڕشگێڕانە لە نێو خۆیاندا دابمەزرێنن.. شتێکی گرنگە بۆ بەرز کردنەوەی مەعنەویاتی جەماوەری کورد و سومعەی خەباتی گەلی کورد و یەکخستنی ڕێڕەوی مێژوویی شۆڕشی کوردستان کە هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بگەنە داڕشتنێکی سیاسی (صیغەیەك) کە بەلای کەمەوە ڕێگا نەدا هیچ هێزێکی سیاسی و عەسکەری کوردستانی بۆ شەڕ کردن لەگەڵ هێزێکی تری کوردستانی پەنا بەرێتە بەر حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

(هـ) لە ڕووی ئیعلامییەوە: گەلی کورستان تاقە نەتەوەیەکە لەجیهاندا ژمارەی زیاتر لە (20) ملێۆن زیاتر بێ و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبێ، ڕووداوەکانی جیهان و بوونی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند بە نێوەندی خەبات و بەربەرەکانی جیهانی و پەرەسەندنی شەڕی عێراق و ئێران، هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە چارەنووسی گەلی کوردستانەوە هەیە و ئەمڕۆ ئەو هەل و مەرجە لە ئارادایە بتوانین حەقیقەتی مەسەلەکەمان بەڕای گشتی جیهان بناسێنین و هەوڵ دەدەین حەملەیەکی ئیعلامی یەکگرتوو لە ئەوروپا و تەواوی دنیادا دروست کەین بۆ کۆکردنەوەی ملیۆنان ئیمزا بۆ پشتگیری کردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان و داوا کردنی لە (کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان) کە لە مەسەلەی کوردستان بکۆڵێتەوە و ئەو مافە بسەلمێنێ..

بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە پێویستمان بە هەوڵێکی نەتەوەیی یەکگرتووە، پێویستمان بە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردستانییە، پێویستمان بە کۆنگرەی گەلی کوردستانە... بە سکرتاریەتێکی هەمیشەیی کۆنگرەی گەلی کوردستانە، ئێمە جارێکی تر بە خوێنی گەشی شەهیدانی کوردستان، بە هاواری ئەو ڕۆڵانەی لەبەر سێدارەی دوژمندا نالەرزن، بە فرمێسکی هەزاران کچ و کوڕ و ژن و منداڵ و پیری ئاوارە و دەربەدەر، ئەم داواکارییەتان بۆ دەنووسین  و دەتان خەینە بەردەم ئەرکی مێژوو- و حوکمی گەلی کوردستان و مێژووی کوردستان و مرۆڤایەتی، ئێمە داوا لە هەر کا بەدەست و لێپرسراوێکی سیاسی و عەسکەری و حیزبی کوردستان دەکەین، کە ئێستا تێفکری تەمەنی چەندە و لە سەدەی بیست و یەکەمدا تەمەنی دەبێتە چەند و تەمەنی کچ و کوڕەکانی دەبێتە چەند، ئەوسا ویژدانی خۆی بخاتە کار و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەم بانگەوازە دیاری کا.

ئێمە نامانەوێ لە کۆنگرەی گەلی کوردستاندا (تەنازول) بۆ یەکتر بکەن، یان پێشڕەوایەتی خۆتان بسەلمێنن، دەمانەوێ بیسەلمێنین: هەمووتان بەشێکن لە گەلی کوردستان، لە خەباتی گەلی کورستان، لە مێژووی نوێی گەلی کوردستان،... ئەمەش لەو چوار چێوە گشتییانەدا دەبێ کە دەستنیشانمان کردن... ئیتر بۆ پێشەوە، لە پێناوی کۆنگرەی گەلی کوردستاندا.. لە پێناوی کوردستانی سەدەی بیست و یەکەمدا...